کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێت.. هیوا ڕەسول

وەك ڕوون و ئاشکرایە حەقیقەت و ڕاستی ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر بۆ خەڵکی دەردەکەوێت وە هەرگیز درۆو شاردنەوەی ڕاستیەکان پەتی کورتەو با خەڵکانێکی کەم هەبن ڕاستی نەبینین لە بەر ئەوەی چاویلکەی ئایدۆلۆژی بەری چاویانی گرتووە و ڕاستییەکان بە تاریکی دەبینێت، وەك دەڵێن " تاریکی هەموو دونیا ناتوانێ ڕووناکی مۆمێك بشارێتەوە، لە پێگەی کوردستانیت بەناو نووسەرانێکی سەر بە ئەو دوو حیزبە هێرشی نارەواو نابەجێیان کردە سەر یەکگرتوو، بە پێچەوانەی چەند نووسەرێکی دڵسۆزو بێ لایەن کە ڕاستییەکانیان دەرکاندبوو،

بەڕاستی گەر من ئەندامی یەکێتی و پارتی بوومایە، هەرگیز شەرم ڕێگەی نەئەدام کە باسی جاش و موستەشارو کۆنە بەعسیم بکردایە، چونکە دیارە کۆمیتەو لق و مەڵبەندەکانیان جمەی دێت لە کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و فایلدارەکان، ئەمە ڕاستیەکەو هەموو ڕۆشنفکرێك باش دەزانێت چونکە کاتێ فایلی کۆنە بەعسیەکان ئاشکرا بوو زۆربەیان لە ئەندامە بەرزەکانی ئەو دوو حیزبە بوون ئیتر چۆن شەرم ناکەن باسی یەکگرتوو بکەن وەك کورد دەڵێ" دەرزی لە چاوی خەڵکی دەبینن بەڵام لە سوژن گەورەتر لە چاوی حیزبەکەتان نابینن هەر خودی مام جەلال لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پێش 2 ساڵ ووتی، تەنها حیزبێك کە فایلی نەبووە حیزبەکەی کاك سەلاحەدین بووە، دیارە ئێستا ئەو سەدان موستەشارو کۆنە بەعسیە لە ریزەکانی ئەو دوو حیزبەن کە بونەتە دەمراستی کوردو فەلسەفەی کوردایەتیمان پێدەفرۆشن، وە ئەوەی جێگەی خۆشحاڵیە بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کە تەنها کۆنە موستەشارێك لە ناو ریزەکانیان نیە، مێژوو و کاری ئەو دوو حیزبە لە پێناو ململانێی پۆست و دەسەڵات و سامان هەرچی کارێك کە مرۆڤایەتی شەرمی لێبکات ئەم دوو هێزە کردیان چ بەرامبەر بە یەکتری یان بەرامبەر بە لایەن و خەڵکانی تر،

نازانم چۆن ئەم بەناو نووسەرانەی دەسەڵات ویژدانیان ئارام دەبێت وا ڕاستیەکان چەواشە دەکەن، ئاخر هەر یەکێتی نەبوو سوپای پاسدارانی هێنایە سەر شاری کۆیە بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات؟ ئەمەیە کوردایەتی؟ ئەمەیە نیشتماپەروەری؟ ئەی هەر پارتی نەبوو لە 96 سوپای سەدامی خوێنرێژی هێنایە سەر خاکی کوردستان؟ ئەی هەر ئەم دوو هێزە نەبوون پێکەوە کەوتنە پەلاماردانی پێشمەرگە مەزلۆمەکانی پەکەکە لە پێناو دڵراگتنی تورکە کەمالییەکان؟ ئەمەیە کوردایەتی؟ ئەرێ بەناو نووسەرانی سەر بە دەسەڵات خیانەتی ئاوا گەورە بەرامبەر بە میللەت لە ناو حیزبێکی ئاشتیخوازی وەك یەکگرتوودا هەبووە؟

ئەی کام لایەن بوو کە 700 پارچە ئەرزەی دا بە بەرەی تورکمانی لە شاری کۆیە؟ یەکگرتووی ئیسلامی بوو یان یەکێتی؟ ئەمەیە ڕێبازی کوردایەتی؟ ئەی هەر بەرێز مام جەلال نەبوو کاتێ ساڵح موتلەگ هاتە کوردستان بۆ دامەزراندنی حیزبەکەی دەیووت من وەك پارێزەرێك هەموو هەوڵێکی بۆ ئەدەم، ئەی ئێستای لە چی؟ دیارە ئاغای مالیکی فشاری بۆ هێناوە،

ئەی هەر لەم ڕۆژانە بە پێی هەواڵی سایتی سبەیی کۆبوونەوەیەکی نهێنی کراوە لە نێوانی بەرەی تورکمانی و یەکێتی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان گەرمترو باشتر بکەن، ئەی ئەمە بانێکەو دوو هەوا نییە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا12-6-2007 19:48

ئەی چەند جار پەیوەندی کراوە لە گەڵ ئەرشەد زێباری لە عەمانی پایتەختی ئوردن لە لایەن نوێنەرانی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەی بانگی بکەنەوە بۆ کوردستان و پشتگیری دروستکردنی حیزبێکی تازەی بۆ بکەن،

ئەی هەر ئەم دوو هێزە بەناو مۆدێرنە نەبوون یاسای جەنگەلستانیان بەرامبەری بە یەکتری و نەیارانەکیانیان پیادە دەکرد هەر لە کوشتنی مرۆڤ بە پەرمێز و بلۆك هتدە ئەمە خیانەت نەبێت چیە ، ئەبێت ئەم دوو هێزە داوای لێبوردن بکەن لە جەماوەر چونکە 16 ساڵە لە ناعەدالەتی بەولاوە هیچ روویەکی جوان و گەشیان پێشکەش بە میللەت نەکردووە، ئایا ئێستا هەر ئەم دوو هێزە نییە کە سەروەت وسامانی ئەم خەڵکەیان فەرهوود کردووە و رەوانەی بانکەکانی ئەوروپا و ئەمریکای دەکەن؟ ئەمە خیانەت نەبێت چییە

ئایا لە ماوەی دروستبوونی یەکگرتوو تاوەکو ئێستا کارێکی نارەوای ئاوا لەم حیزبەدا هەبووە؟ جگە لەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی کە جێبەجێ دەکەن لە کوردستان،

بەراستی سەیرە ئۆباڵی شکستی ئەم 16 ساڵەیان بە یەکگرتوو دەفرۆشن کە نەیانتوانیەوە نموونەیەکی جوانی دیموکراسی پێشکەشی کۆمەڵگاکەمان بکەن لە خەمی دەوڵەمەندبونی خۆیان کە بوونەتە بزنسمانێکی ناموراڵ و کە هەرچی کارخانەو دەواجن و غەسالەو ئیشی گەورە هەیە ئەبێت پشکی گەورەی کاربەدەستانی تێدا بێت، ، دەزانن پەستی و توورەیی 16 ساڵی جەماوەر وەکو بورکان ئاوایە بۆیە هەرجارەو سیناریۆیەك دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە پەستە بە شتێکی کەوە خەریك بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.